گۆماڵێك لە دارستانی زەبەندو چڕی رۆشنبیری كوردیدا

غفور میرزا کرم

لە کاروانی نەسرەوتی بێ پشووی رۆشنبیری کوردی‌دا ، لەناو جەرگەی زۆرانبازیی سەختی نێوان کۆن‌و تازەو دواکەوتن و پێشکەوتن‌دا ، لە دەریای ئەندیشەی بیرکردنەوەو زیرەکی و کەودەنی‌دا ، لە هەر پلەو قۆناغێکی تایبەتی‌ی دیاری‌کراودا ، لە هەموو وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ‌دا ، لە هەموو بوارێکی تیژڕەوی گۆڕانکاری‌دا ، چەند شۆڕەسوارێکی لێ‌وەشاوە ، چەند ئەستێرەیەکی پڕشنگدار ، چەند هەڵۆیەکی بێ‌پەروا ، چەند مەلەوانێکی شارەزا رێچکەی سەرکەوتن دەشکێنن ، دەست لە مل هیوای زاڵ‌بوون دەکەن ، نیشانەی بەرزی دەپێکن ، گرەوی نەمری و نەبەزین دەبەنەوە ، لە دواییشدا ناویان لە لاپەڕەی مێژوودا بە مەزنی تۆمار دەکرێ و دەبنە نموونەی دڵسۆزی و مێرخاسی و قوربانی‌دەر بۆ نەوەی دوارۆژ و ناویان لە جووڵانەوەی رۆشنبیری کوردی‌دا بە شانازییەوە دەبرێ و بۆ گەل و نیشتمانەکەمان دەبنە مایەی سەربەرزی و جێگای رووسووری .

لای هەمووان روونە کە ئەرشیفی رۆشنبیری کوردی پێویستی‌یەکی تەواوی بە رێکخستن و دەوڵەمەندکردن و رازاندنەوە هەیە کە ئەنجامدانی ئەم خۆزگەیەش دەکەوێتە ئەستۆی تێکڕا رۆشنبیرانی کورد وە بە تەقەلای پوخت و کۆششی خەستی سەرجەم خوێندەوارانی کورد دێتە بەردان و بڕشتی چاك . بە ڕاستی پڕکردنەوەی کەندەلانی گەورەی دواکەوتنمان و تۆڵەسەندن لە رابردووی کەموکووری و کەمتەرخەمیمان ، هەڵمەتێکی شێرانەو باوەڕێکی بەتین‌و گوڕوگوژمێکی بێ هەوتای گەرەکە ..

پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی چڕو پیاچوونەوەیەکی تازەو هەڵسەنگاندن و بایەخ‌دانێکی نوێ هەیە تا جووڵانەوەی رۆشنبیری کورد لە رەوتی پێشکەوتنی خۆی نەکەوێ و رێبازی سروشتی‌ی خۆی بۆ خزمەت‌کردنی گەل هەرگیز بەرنەدات ، مجا بۆ ئەم مەبەستە هەر جارەی بە پێی توانا و بە یاریدەی هەموو لایەك بە رەچەڵەك و ژیان و بەسەرهات و بەرهەمی یەکێك لە رۆشنبیران‌دا دێین ، وە لە دەوری بۆ پێشبخستنی کاروانی رۆشنبیری و خزمەت‌کردنی گەلدا بکۆڵینەوە ، هیوادارین کە رۆشنبیرانی کورد بەشداری و هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن ، هەڵەو چەوتیمان و کەموکووریمان بۆ راست‌بکەنەوە ، تا ئامۆژگاریی بەکەڵك و رەخنەی بەسوودی خۆیان پێشکەش‌بکەن . . تا باسەکەمان دەوڵەمەندترو قووڵترو ، شارەزایی زانینمان بە بڕشت‌ترو

فراوانترو جوانتر بێ . . تا بە یاریدەی گشت لایەك کۆشکی ڕۆشنبیریی کورد بەرەو لووتکەی بەرز بەرین و بازاری جووڵانەوەی گەرمترو خۆشتر بکەین ، تا شانبەشانی جووڵانەوەی ڕۆشنبیرانی جیهانی لە پێناوی خزمەتکردنی مرۆڤدا هەنگاوی گەورە بۆ پێشەوە بنێین . هەرچەندە کلاورۆژنەی باسەکەمان بە بەڕێز مارف جیاووك دەکەینەوە . بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە باری گران و پایەی یەکەمین شاسواری ئەم مەیدانە بخەینە ئەستۆی ناوبراو .

بە ڕاستی ئەوەی پێویستە بگوترێ هەوێنی پێش‌خستن و دەرگا کردنەوەی ئەم باسە تەنیا ڕێکەوت و بوونی سەرچاوەی لەبەر دەستدا بوودا بووەو بەس ، دەنا دەستکردن بە باسی ئەم ڕۆشنبیرە لە پێش ئەوی تردا هیچ لە ئەرك و ناوەرۆکی پرۆژەکەمان ناگۆڕێت . چونکە ئەرکی هەڵسەنگاندنی هەموو ڕۆشنبیرێك و پێش‌خستنی ئەم و پلە و پایەی ئەو لە خانەی ڕۆشنبیراندا بڕیاری دوایی بۆ تێکرا ڕۆشنبیرانی کوردو بۆ بیرو ڕای گشتیی خوێندەواران دەگەڕێتەوە .

(٢)
مارف جیاووك

بەڕێز مارف جیاووك لە بنەچەدا بۆ بنەماڵەی جیاووکی سەر بە هۆزی باڵەك دەگەڕێتەوە ، ئەم بنەماڵەیەی کە لە دێرینەوە لە دەوروبەری گەلی عەلی‌بەگ نزیك ڕەواندوز شاری خنجیلانەو پایتەختی میرنشینی سۆران . . هەواریان خستووەو جێ‌نشین بوون و بە کشتوکاڵ و مەڕومالآت بەخێوکردنەوە خەریك‌بوون . بەم چەشنە هەڵکەوتنی مارف لە ناو ئەم بنەماڵەیەداو دەوری باڵاو بەرزی لە جووڵانەوەی ڕوشنبیری و لە خزمەتکردنی خاك و نەتەوەدا بە یەکجاری ناونیشانی ئەم بنەماڵەیەی بە نەمری و مەزنی لە کۆمەڵگەی کوردی‌دا هێشتەوەو جێ‌گیر کرد .

باوکی مارف علی ئەسغەر ئەفەندی ناوی بە یەکێك لە داناو زانایانی ئاینیی ناوچەکەدا دەرکردبوو بۆیە دەوڵەتی عوسمانی پایەی ئیمام تابۆری لە لەشکردا پێدا . . ئەوەندەش پایەو پلەی باپیرەشی (ابو المغازی حاجی مولود سعدی بدیع الزمان) لە کۆمەڵدا لە مەیدانی ئاینیی پەروەری‌دا بەرزو بڵند بوو و یەکێك بوو لە زاناکانی ئاینیی لە کوردستان‌داو هاوشانی زەهاوی ، ئاڵووسی ، لە قەڵەم دەدرا .

دوو جاریش بە ناوی غەزاوە بە هاواری دەوڵەتی عوسمانی سەرکردەی کۆمەڵانی خەڵکی لە کوردستانەوە بۆ شەڕی ڕوسیای قەیسەری بووە ، کە لە ئەنجامدا ناوی لە ناوچەکەدا بەرز بوەتەوە ، ئەمە چەند زانین و ڕوونکردنەوەیەك بوو لەسەر بنچینەی باوو باپیری مارف جیاووك .

هەروەکو لەڕووی دایکیشی‌یەوە ڕەگی دەچێتەوە سەر بابانەکان ، بەم چەشنە لە ئەنجامی تێکەڵ‌بوونی هەردوو بنەماڵەی کورددا مارف لە ١٨٨٥ لەشاری بەغدا چاوی بە دنیای پڕکێشەو چەرمەرسەری هەڵهێنا .

مارف هەر لە منداڵی‌یەوە تروسکەی زیرەکی و وریایی لە مێشك و دڵیدا پریشکی دەدایەوەو گوروگوژمی بۆ فێربوون ، خزمەتکردن لە تێکرا هەڵس‌وکەوتی ڕۆژانەیدا بەروونی بەدی‌دەکرا . جا دارایی بنەماڵەکەی دەرفەتێکی گونجاوی بۆ فێربوون و چوونە قوتابخانە بۆ ڕەخساند بۆیە پاش ئەوەی قوتابخانەی ناوەندی لەبەغدا تەواوکرد و بۆ خوێندنی کۆلیجی حقوق بۆ ئەستەمبۆل کەوتە ڕێ . ئەستەمبۆل لەو کاتەدا مەڵبەندی هۆشیاری‌و کانگای تیشکدانەوەی بیروڕای شۆڕشی فەرەنسە ، سەرهەڵدانی کۆمەڵەی (ئیتتیحادو تەرەقی) بوو ، بۆیە مارفیش تینوویتی خۆی بۆ ئازادی‌و سەربەستی لەم سەرچاوەی ڕووناك‌بیری‌یە شکاندو گیانی کوردایەتی‌و ئازادی بە بیرو باوەڕی نوێ زاخاودایەوە ، لەم کاتەداو پاش شۆڕشی ١٩٠٨ ی عوسمانی چووە ناو کۆمەڵەی «ئەحرار»ەوە کە (صباح الدین) سەرۆکی بوو دەستی‌کرد بە چالاکی نواندن و نووسین لە ڕۆژنامەکانی ئەستەمبول . . دڵ ومێشکی خوێندەوارانی دەهەژاند ، خۆزگە هەندێك لەم ڕۆژنامانەمان دەکەوتە بەر چنگ تا بمان توانیایە بە دروستی دەوری مارف لەم بوارەدا هەڵسەنگێنین‌و پێشانی‌بدەین . . کە دووبارە ئەم ئەرکەش هەر دەکەوێتە سەر ئەستۆی ڕۆشنبیرانی کورد . . چ ئەمڕۆ بێ یان سبەینێ بێ . دیارە مارف لە ڕۆژانی دەستەڵاتداریی کۆمەڵەی (ئیتتیحادو تەرەقی)دا زیاد لە پێویست چالاکی دەنواند بۆیە بە لاچوونی ئەم دارودەستەیەو بە هاتنی دەسەڵاتداریی نوێ بڕیاری گرتنی دەرچوو ، کە لە ئەنجامدا ناوبراو تا ماوەیەك تا بەخشندەیی گشتی بۆ تاوانباران دەرچوو هەر بە خۆشاراوەیی مایەوە .

پێش بەرپابوونی شەڕی سەفەربەگلك ، ئاگری جەرگی بۆ نیشتمانی‌و ، خۆشەویستی‌ی بۆ گەل ناوبراوی بەرەوپیری وولات

– بۆ بەغدا – خستە ڕێ ، جا لەبەر ئەوەی کە ناوبراو هەستی ڕۆشنبیریو شەیدای نووسین و بلاوکردنەوە بوو بۆیە دەستوبرد کەوتە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە ناوی (حقوق)ەوە بە زمانی عەرەبی کە لەو کاتەدا بلاوکردنەوە لە بەغدا تەنیا بە زمانی تورکی بوو ، لەم بوارەش دا مەگەر هەر خۆزگە خواردنمان لە دەست بێتو بڵێین خۆزگە بمان زانیایە ئەم ڕۆژنامەیە چی تێدا دەنووسرا ؟

پاش مانەوەی ماوەیەك لە بەغدا بوو بە بەڕێوەبەر لە قوتابخانەی مامۆستایان لە بەصرەداو کاتێ شەڕ بەرپابوو ، ناوبراو وەك ووتاربێژێك (خطیب) کۆمەلانی خەلکی ڕاپێچ دەکرد دژ بە ئینگلیزی داگیرکەر ، تەنانەت دەورێکی باڵای نواند لە پێکەوەنانی کۆمەلێ بە ناوی کۆمەلی (جمعیة الخطابة والدفاع) ئەم کۆمەلەیە چ لە بارەگاکەیدا یان لەناو کۆمەلانی خەلکیدا بە ووتاری ئاگرین لە کۆبوونەوەی جەماوەری پەردەی لە ڕووی چلکنی ئینگلیزی داگیرکەر لادەداو جاری دەرکردنی دەدا لەوولاتدا . تا لەئەنجامدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بە دیلگیراو پێنج ساڵی ڕەبەق بە دیلی لەدیلخانەی بورما مایەوە ، کە پاش بەربوونی بۆ بەغدا گەڕایەوە ، لەساڵی ١٩٢٣ لەبەغدا وەکو پارێزەرێکی سەرکەوتوو و قانونناسێکی لێهاتوو ناوی دەرکرد وە لەدواییدا بەوێنەی حاکمێکی لێوەشاوە لەکەرکوك ، هەولێر ، دیوانیە ، موصل . . هتد بە دروستی دادگای بەڕێوە دەبرد . . وە ناوی بە قانونپەروەرو دادپەروەر لەناو کۆمەلانی خەلکیدا دەرکرد . لەساڵی ١٩٢٨ دا بوو بەنوێنەری هەولێر لەئەنجومەنی نوێنەراندا کە هەمیشە لەئەنجومەندا دەوری بەربەرەکانی دژی میری ئەو سەردەمە بەرگریکردن لەبەرژەوەندی وولاتو ماف پێشێلکراوی کورد دەگێڕا ، لە ئەغستۆسی ١٩٤٤ پاش ئەوەی گزنگی سەرکەوتنی بەرەی گەلان بەسەر دارودەستەی هیتلەردا لەئاسۆی دوارۆژدا بەدیدەکرا ، دەزگای میری ئەو سەردەم بۆ خەفەکردنی دەنگی بەربەرەکانی کردنی ناوبراو وە بۆ دلنەوایی کۆمەلانی خەلکی کوردستان . . کردیان بە پارێزگاری سلێمانی کە لەدواییدا وازیهێناو بە پارێزەرییەوە خەریكبوو و گوزەرانی بەم شێوە ڕەوایە دابیندەکرد .

دەوری مارف جیاووكو خزمەتکردنی لەمەیدانەکانی ڕۆشنبیری کوردیدا چ بە کتێب دەرکردنی لەسەر مێژوو و کەلەپووری کوردی یان بە نووسینی لەسەر داوای ڕەوایو مافی پێشێلکراوی کورد لەڕۆژنامەکاندا ، یان بە ووتاردان و کۆڕو کۆمەلگرتنی ، یا بەقسەو یادداشت پێشکەشکردنی لەسەر داخوازییەکانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیدا ، یان لە داکۆکی کردنی لەسەر خاكو نەتەوەو بە گژداچوونی لەگەل دەزگای میری ئەو سەردەمو دارودەستەی ئینگلیز . . تێکڕا ئەم چالاکییانە لەڕەوتی جوولانەوەی ڕۆشنبیری کوردیدا بە زەقی و ڕوونی دەبینریو دێتە پێشچاو .

مارف جیاووك لەڕەوتی جوولانەوەی ڕۆشنبیری کوردیدا بە یەکێکی ناودارو دامەزرێنەری یانەی سەرکەوتنی ساڵی ١٩٣٠ لەقەلەم دەدرێ . زوربەی چالاکییەکانیو تەقەلای خەستیو بەبرشتی لە مەیدانی ڕۆشنبیریدا لەناو ئەم دەزگایەدا ڕەنگ دەداتەوە ، بەڕێوەبردنی یانە بۆ ماوەی زیاتر لەبیست ساڵو بریتی نازناوی (باوەڕپێکراوی گشتی) بە باڵایدا نیشانەیەکی لەبەرچاوو خەلاتێکی گرانبەهایە کە نەمریو پیرۆزیو ڕووسووری بە جیاووکی ڕۆشنبیر دەدا .

جیاووك لەبەرەی ڕۆشنبیری کوردیدا بە چالاکی نواندنێکی بێوێنە لەمەیدانی ڕۆشنبیریو بە دلسۆزێکی بێهاوتا . . بۆ گەلو نیشتمان ، بە داکۆکی کەرێکی بێپەروا لەسەر داخوازی ومافی پێشێلکراوی کوردو دژایەتینواندن بەرامبەر میری ئەو سەردەمو دارودەستەی ئینگلیز ناوبانگی دەرکردووەو ناسراوە . ئیتر هەر ئەم برشتو جوانی بێگەردییەیە کە جیاووکی لەدلو دەروونی کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا بە نەمری هێشتوەتەوە جێگای تایبەتیو شوێنی دیاریکراوی لەناو جوولانەوەی ڕۆشنبیریدا پێداوە .

سەرچاوەکان

کەلکم لە کتێبەکانی مامۆستا مارف جیاووك بەگشتی وە لە گشتی تاریخ مشاهیر الألویة العراقیەی عبد المجید فهمی حسن ١٩٤٦ وەرگرتووە بەتایبەتی .